# هۆنراوە



وێنە : دێرین رەئوف (١٥) ساڵ

## بۆ ساڵی ٢٠٠٣

منالان لە شارو دێ
ئاهەنگ سازکەن دەسبەجێ
هەموو بڵێین بەخێر بێ
ساڵی دوو هەزارو سێ

◆ ◆ ◆ ◆

بەیەك دەنگ و یەك ئاواز
دڵ پڕ هیواو خۆزگەو راز
بڵێن ئێمەی بچکۆلە
ئاشتی خوازین، ئاشتی خواز

◆ ◆ ◆ ◆

بڵێن ئەم کوردستانە
جوانترین نیشتمانە
خوایە گیان ئاوەدان بێت
وەك بیلبیلەی چاومانە

عەلی حەمە رەشید بەرزنجی

## شاری یاریی

شاری یاریی .. شاری یاریی
شاری شادیی و بەختیاریی
شاری فڕین، شاری جوانیی
ژیانی پڕ کامەرانیی

◆ ◆ ◆ ◆

خەونی خۆشی هەموومانی
شوێنی یاریی و خۆشیمانی
شوێنی خەندەو پێکەنینی
پەلکەزێڕینەی رەنگینی

◆ ◆ ◆ ◆

یاریی جۆراو جۆرت لێیە
چێژو خۆشی هەر لای تۆیە
ئەی شارەکەم شاری یاریی
هەمیشە وەرزی بەهاری

بەرزان ئەحمەد


وێنە : سەرخێل عوسمان (١٥) ساڵ